www.kurdistannet.org
26-10-2006 0:35بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کێن ئەوانەی کە دڵم دەبەن؟؟؟؟ ... ڕەووەز دەرگەڵەیی

بەریتانیا



لە هەر شوێنێ یەکێ دڵم ئەبا
وێڕای تیرێك لە دڵم دەدا
ئەو شوێنەشم لێ وێران دەکا
دەمکا بە دوژمنی ئەو کاتەش
کە ئەم ئاوێتەیەی تیا ڕوودەدا
تێر تێر خەونم پێ دەبینێ
پەپولەی خەیاڵم پێ ئەفرێنێ
هێندە بێ ڕەحمن دوور لە ویژدانن
شاز و شەوازی ڕێچکەی ژیانن
چی بکەم دڵم ناڕوات بەلای کەسێ
کە هەر دڵم خۆشکا بە قسە و باسێ
هەر دڵە کە دڵ دەبا بەڵام کامە دڵ؟؟؟
بێ ڕەحم و ویژدانن قەت ناچن لە گووڵ
جوانن خانمن چاو بەکلن
بەس لەشێوە وەکو گوڵن!
بەڵام گوڵێکی ووشکی نەوەی درك
کە قەت بە سۆزی ڕاستی ناکا درك
هەر هەموو جەستەیان مەکر و نازە
هەموو قسەیان لۆفە و هەورازە
مەڵێن دڵدارین کوا ئەمە دڵداریە
چارە نیە، دڵمان دەبەن و اجباریە
کە سەیرتان دەکەم وەك پەپولەی مەندەهۆشن
مەگەر نەزانم کە بەس ناز و مەکر دەفرۆشن
هەر وەك مام وەلی و فەرهاد و شەم
لە دەست ئێوە منیش بووم بە داستان
نازانم کە مردوومە یان هێشتا هەر هەم
گەر ڕۆژێك هەڵەش بکەن ببن بە هاوڕێم
قەت نەوێرم پر بەدڵم لەلاتان بدوێم
چونکە قەت نابن بە جێگەی سیقە و وەفا
نەك کە ڕۆژێك توشمکەنەوە جەور و جەفا

rawaz_faris@hotmail. co. uk